

# ئاکام

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

ڕەنگە چارەکە سەعاتێک دەبوو، بەخەبەر بوو، زۆری ئەمشان و ئەوشان کردبوو، بەڵام خەوی لێ نەکەوتەوە. هەتا شنەیەکی فێنک و بلاوێن مووچوڕکێکی بە تاموچێژی بە نێو جەستەیدا وەگەڕ خست. لە قاتی سەرەوەی چارداخەکە هاتە خوارێ و هاتە نێو بێستانەکە.

هاکا گەیشتە نێو بێستان بە هەردوو دەست چاوەکانی هەڵگلۆفی، خوروویەکی پڕژان و ئێش و بە تاموچێژی هەست پێکرد! ئەمجار سەری هەڵبڕی، چاوی بە ئاسماندا گێڕا و لە ئەستێرەی بەیان گەڕا، ئەوی نەبینی، بەڵام ئەستێرەیەکی گەشی دیکە trووسکەتroوسکی دەهات، چاوشارکێی دەگەڵدا دەکرد و چاوبزیش...

تەنیا گومانێکی کاڵی کرد و چیدی هۆشی نەجووڵا. بۆ دەستوچاو شوتن و دەستنوێژ هەڵگرتن ڕووی کردە سەر پۆمپ و حەوزە گچکەی بەردەمی پۆمپەکە. کلیلی پۆمپی لێ دا و ئاو بە لوولەدا هاتە خوار. لەگەڵکوو دەستەکانی پڕ بوون لە ئاو و بەرەو دەموچاوی هەڵی داشت، بۆگەن و بۆسار و تیکەتیکەی گۆشت دەموچاوی ئەنگووت، یەکبەخۆی هەڵبەزییەوە! مستێکی دیکەی لە ئاوی لوولەی پۆمپەکە پڕ کرد و لێی ورد بووەوە: ئاوی چی؟ هەمووی خوێن و پەنجە و لووت و گوێ و لێوی خوێناوی و بڕدراو بوو!!

لەوانە بوو دڵ و خوێنی دڵ و کوتەی جەستە و مۆخ و دەمارەکانی هەموو جەڵغە بکەن و ڕاوەستن.

قامک و لووت و لێوی خوێناوی و بڕدراو دەتکوت بۆق و کرم و زەلوون و لە نێو ئەو خوێن و خوڕەدا مەلە دەکەن! ئاوی نێو گوێلی حەوا دا و هەڵات. ڕایکردە نێو دێراوی تووتن و خەیار. بەرەو

سەرچاوەی ئاوی پۆمپەکە و چاڵاوەکەی داگەڕا. بەنزینێکی زوڵاڵ زوڵاڵ لە شیلەنکی پۆمپەکەوە قەڵبەزەی دەکردە سەر عەرز و نێو حەوز و دێراوی بێستان.

بەنزین وڵاتی داگرتبوو، بزەیەکی شیرین کەوتە سەر لێوی. خەیاڵ پڵاو دەروونی ئاخنی: ((چاڵاوی ئاوەکە گەیشتووەتە نەفت و بەنزین، ئای بە چ پووڵ و پارەیەک دەیفرۆشم!))

کە ڕاچەنی و هاتەوە خۆ، بڕیاری دا لە دەستنوێژ گرتن و دەموچاو شتن گەڕێ، تەنانەت تینوویەتیشی بە خواردنی خەیار بشکێنێ.

ڕووی کردە نێو دێراوی خەیار، خەیار نەمابوو، لە هەمووی دێراوە تووتن بوون و حولحول شووتییان گرتبوو!

دڵەڕاوکەی ناخی ڕژایە سەر لێوی و بزەیەکی ڕەزامەندی تەوێڵی داپۆشی و لێوەکانی لەرزاندەوە: شووتی پووڵێکی زیاترم بۆ دەکا!...

بە دڵیدا هات: چما نوێژ ناکەم، خۆ دەبێ دەموچاوم بشۆم و ئەم تەمەڵی و خاوبوونەی لەشم بڕەوێنمەوە.

بەرەو حەوزی دەستکردی بەردەم پۆمپەکە چوو، هیچ لە یادی نەبوو پۆمپەکە دڵۆپ دڵۆپ بەنزینی لێ دەتکێ و خاکوخۆڵی دەوروبەری خۆی و حەوزەکەی بەنزیناوی کردووە، خۆ ئاوی چاڵاوەکەش هەمووی خوێن و خوڕ و لچ و لێو و لووت و گوێی خوێناوی بوو، ئەی چ کەردەن بم؟

ڕووبارەکە! کابرا وەیادی هاتەوە ڕووبارێک بە شانی بێستانەکەدا دەخوشێ و دەڕوا و خولەکێک ناکێشێ دەگاتە سەر ڕووبارەکە.

بەرەو ڕووبار لۆقی هەڵداشت و کە گەیشتە حاندی بەردەبازەکانی ڕووبار و لەسەر بەردە هەرە گەورەکەی نێو ئاوی ڕووبار دانیشت، هەردوو دەستی بەرەو ئاوی ڕووبار برد، مستی پڕ کرد لە ئاوی ڕووبار و بەرەو دەموچاوی هەڵی داشت.

بۆگەن و بۆسارێکی تۆخ کونەکەپۆی پڕ کرد. سەروچاوی بردە پێشەوە و لە نێزیکەوە لە ئاوی ڕووبار ورد بووەوە: خالیس خوێن و خوڕ بوو!

ئاوی ڕووبار بە ویرەویر خوشەی دەکرد و سەر و لاق و گوێ و دەست و لێو، تەنانەت تەرمی ساغ ساغیشی لەگەڵ داخوشینی خۆی ڕادەماڵی و دەیبرد!

وەک فەنەر ڕاست بووەوە و بەرەو چارداخەکە ڕایکرد. دار و درەخت و نەمام و شەتڵە بیبەر و باینجان و میوەجات هەمووی بووبوونە داهۆڵ، داهۆڵی بەبێ سەر و دەست و لووت و گوێ بڕدراو، چاو هەڵکزاو و خوێنیان لێ دادەچۆڕا. خوێن نمەنمە دادەباری و تەختی عەرزی بێستان بە قەرا پەنجەکەڵە خوێنی لێ نیشتبوو.

دیسان ڕایکرد و لەگەڵکوو گەیشتە بەردەم چارداخەکە، ڕاوەستا و ئاوڕی دایەوە: داهۆڵ هەموو ئاوری گرتبوو. گڕ بەرەو ئاسمان بڵێسەی دەهات و بەرز دەبووەوە. بەرەو چارداخ وەرسووڕا، چارداخیش ئاوری گرتبوو. ئاور لە چارداخەوە تەشەنەی کردە دەرێ و دەرەوەش ئاگری لێ هەستا...

کابرا وەک وڵاخێکی دەنگ زەلام بۆڕەی لێ هەستا و هات هەڵێ! بەڵام بۆ کوێ؟ بەرەو کوێ؟

لەپڕ ئاور لە جەستەی هاڵا و چزە لە ئازای لەشیەوە هەستا و گڕی لەشی بەرەو ئاسمان بەرز بووەوە..

لە دوایین کاتەکانی هۆش و گۆشیدا، چاوی بەو مێرمنداڵانە کەوت کە لە باخ و بێستانەکەیدا کاریان بۆ کردبوو و لە کۆتاییدا لە جیاتی ئەوەی مزە و مواجب و حەقدەستی کارەکەیانیان بداتێ، تۆمەتباری دزی و ئاژاوە و ناڕاستی کردبوون و لە پاش بوختان و ئەرزەبە و جەزرەبەی زۆر، هەرکامیانی بە جۆرێک بێ سەر و شوێن کردبوو.